# بەر لە ئەنجام دانی ڕاپرسی لە کوردستان
# هەڵبژاردن سەودایەکی نا مشروعە !!



ئیبراهیم حسین

چەمک و دەستەواژەگەلێک  کە لەناو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان پەنای بۆ دەبەن بۆئەوەی خەڵک بە بەشداری کردن لەدەنگ دان ڕازی بکەن ، ئەوەیە کەدەڵێن ئەگەر خەڵکی کوردستان دەنگ نەدەن ئەوا ڕووبەرووی مەترسی ئاینده دەبنەوە، دەڵێن قورسایی کورد لەنێوپەرلەمانی عێراق دا کەم دەبێتەوە و بەشی کورد لە دارایی و سەروەتەکان کەم لەبەرچاو دەگیرێ و هێزەکانی تر قورساییان زیاتر دەبێ و دەتوانن بەندەکانی دەستوور بگۆڕن و سەرەنجام کورد و خەڵکی کوردستان بەزەرەر لە و پڕۆسەیە دێتە دەرێ.

بە سەرەنج دان لەو پڕوپاگەندانەی سەرەوە کە بەشێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی و پارتی پێک دەهێنێ بەو ڕاستیە سادەیە دەگەین کە حیزبەدەسەڵادرەکانی کوردستان کوێیان دێشێ و بە نیازن لە ڕێگەی هەڵخراندنی خەڵکی کوردستان بۆ دەنگ دان لەوسیناریۆ گاڵتەجاڕیەی کە ناوی هەڵبژاردنیان لەسەر داناوە کام پرۆژە جێ بەجێ بکەن وبەچ ڕۆژگارێک بگەن. لەوە تێدەگەین کەئاوات و ئامانجی حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان شتێکی تر نیە جگە لە وەی کە لەپڕۆسەی بیناکردنەوەی دەوڵەت ودەسەڵاتی سیاسی کە ئێستا بۆتە یەکێک لە کۆمەڵایەتی ترین وهەمەگیرتین مەسەلەی کێشمەکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگای عێراق ، وەک شەریکە بەش لەدەسەڵات ودەوڵەتی عروبی_ئیسلامی لەلایەن بورژوازی عرەبی و عێراقی لە ئیسلامی سیاسی جۆری شیعە و سوننەوهێزە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب قبوڵ بکرێ و بتوانێ لە بردنی سەروەت وسامانی کۆمەڵگا شەریک وبەشدار بکرێ.ئەوە ئەو بەرژەوەندە واقیعیەیە کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بەرگی بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتمان وخەڵکی کوردی دەکەنە بەر بۆ ئەوەی بەو جۆرە بەرژەوەند و سیاسەت و ئامانجەکانی خۆیان، پرۆژەو دەسکەوت و دۆڕانەکانی خۆیان، بە ناوی بەرژەوەند و ئامانج ودەسکەوت ودۆڕانی خەڵکی کوردەوە پاساو بدەن.

بەڵام حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەو جۆرە خەریکن لە ژێر ناوی خەباتی دیموکراسی ودەنگ دان وبە شداری کردن لە پڕۆسەی سیاسی ومەدەنی و شارستانی، مافێکی بنەڕەتی ترومەدەنی تروڕەواتری ئەو خەلکە بۆبریاردان لەسەر ئەوەی کەئایا دەیانەوێ و خوازیاری ئەوەن لە چوارچێوەی عێراق دا بمێننەوە یاخود دەیانەوێ لەچوارچێوەیەکی وڵاتی جیاواز دا ژیان وئایندەی خۆیان ڕێک بخەن، پشێل دەکەن و بە ناهەق و لەوپەڕی هەست نەکردن بە هیچ مەسئولیەتێک و لە پێناو دەست ڕاگەیشتنیکی زیاتری خۆیان بەسەروەت وسامانی

زیاتری ئەو مەملەکەتەو جێگەپێ قایمکردنیان لە دەسەڵاتی سیاسی لە پڕۆسەی بیناکردنی دەوڵەتی عروبی _ئیسلامی ژیان وچارەنووسی ئەوخەڵکە دەکەنە قوربانی.  دنیایەک خوێن وفرمێسک وژان وئازار، ئەنفال و کیمیا باران و هەزاران بێ سەرو شوێن وگوندومال کاول بوون کەخەڵکی کوردستان بە نسیبیان بوو لەسایەی دەسەڵاتی قەومی و ناسیۆناڵیستی عەرەب کەسەردەمێک بەعس نوێنەرایەتی دەکرد، لە ڕوانگەی قازانج وبەرژەوەندەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان قەرارە بەرهەمەکەی بکاتە دامەزراندن وچەسپانی ڕژێم ودەوڵەتێکی ئیسلامی و عروبی کە نەک هەر دوژمن وناکۆکە بە ئاوات وئامنجەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵکو دوژمن وناکۆکە بەئاوات وئامانجە ئینسانی و ئازادیخوازانەکانی سەرجەم کۆمەلگای عێراق وجەماری خەڵکەکەی.

ئەوە مافێکی سەرەتایی بێ ئەملاو ئەلای خەڵکی کوردستانە کە لەڕاپرسیەکی گشتی وئازادو لەژێر چاودێریەکی نێودەوڵەتی ڕای خۆیان لەسەر جیابوونەوە و پێکهێنانی چوارچێوەیەکی وڵاتی یان مانەوە لەچوارچێوەی عێراق  دربڕن وئەومافەی خۆیان پیادە بکەن.

**بەرلەئەنجامدانی فەرمی ورەسمی پرۆسەیەکی لەو جۆرەلە کوردستان کە ڕای خەڵکی تێدا وەرگیرابێ، هەموو جۆرە هەڵبژاردن وسینارۆیەیەکی تر ، سیناریۆیەکی فریوکارانەو نا مشروعی سەروخەڵکیە کە لە چوارچێوەی سات و سەودای ناسیۆناڵیستەکوردەکان بەدیاری کراوی یەکێتی پارتی وهێزەکانی تری ئیسلامی سیاسی شیعە وسوننە و باڵ وهێزەکانی ناسیۆناڵیزمی عەرەب و ئەمریکا بەڕێوەدەچێ بەمەبەستی لکاندنوەی بە زۆرەملێی کوردستان و جەماوەری خەڵکەکەی بە چوارچێوەو جوغرافیایەکی سیاسی و دەوڵەتی کە پێش وەخت مۆرکی عروبە وئیسلامی گەری بەسەردا سەپێنراوەو مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانی دانیشتوانی مەملەکەتی پێشێل و زەوت کردوە.**

**لێرەوە خەڵکی کوردستان مافی خۆیانەو لە هەمان کات دائەرکیانە کە بەرگری لەو مافەی خۆیان بکەن و هەڵ بدەن ئەومافەی خۆیان بە دنیاو هەموو هێزەکان بسەلمێنن و لە ڕێگەی دەنگ نەدان وڕیسواکردنی سیناریۆی هەڵبژارنەوە بە دنیای نیشان بدەن کە نایانەوێ جارێکی تربچنە ژێر سایەی دەوڵەت ودەسەڵاتی عروبەو ئیسلامی سیاسی چنگ بەخوێن و دژی ئازادی کە دەخوازرێ بە ناوی هەڵبژاردنەوە و بەپەنجە مۆری خەڵک شەرعیەتی پێ بدەن و تەوقی وەهم وخۆشباوەری فری بدەن وبزووتنەویەک بخەنە ڕێ کە دامەزراندنی کوردستانێکی ئازادو خۆشگوزەران وکۆتایی هێنان بە سات وسەودای بزووتنەوەی کوردیەتی بە ژیان و چارەنووسی خۆی کردۆتە ئامانجی خۆی.**

12.12.2005